١

# ڕەنگ

کۆمەڵە بەرهەمێکی هەمە ڕەنگەیە
دەنگی نەوەی نوێ ڕائەگەیەنێت .

- وتەی نوێ
- بیری نوێ
- کرداری نوێ

هەواڵنامەی کتێب

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

# روانگە

○ وتەی نوێ

○ بیری نوێ

○ کرداری نوێ

هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

مطبعة النعمان ـ النجف الاشرف ت ٢٠٩٧

# ئەم روانگەیە!..

لە سەرەتای بەهاری ـ ١٩٧٠ ـ دا ، چوار ئەدیبی لاوی خوێنگەرم کە داخو خەفەتی دواکەوتوویی و باری ناهەمواری ئەدەبی نەتەوەکەیان ، لە مێژەوە جەرگیانی کلۆر ئەکردو سوێی ئەکردە دڵیانەو ، لە دانیشتنێکی چوارقۆڵیدا یەکیان گرتو کەوتنە هەڵرشتنی رازو پەنهانی ناخی دڵو دەروونی خۆیان بۆ یەکتر.

دانیشتنێکو دوانو سیانی ترو ئیتر گەیشتنە ئەو بریارەی کە پێویستە بجووڵێینو بەکۆمەڵیش بجووڵێین لە پێناوی وردو خاش کردنی بەستەڵەکی سەهۆڵی سەر رووی ئەدەبەکەیانو تەقاندنی گشت تواناو دەسەڵاتو بەهرەی ژێر ئەو بەستەڵەکی سەهۆڵو ماوەبەرپاکردن بۆ تەکاندانی بەرەو پێشەوە . بەم جۆرە زۆری پێ نەچوو بەشێک لەوەی لە ناخیانا بوو دایان رشتە ناو بانگەوازێکەوەو ئاگریانداو تووریان دایە سەر

بەستەڵەکی سەهۆڵ .

لەو وەختەوە تا ئەمڕۆ ، کە هێشتا زۆری نەخایاندوە بانگەوازەکەو بیرو باوەڕەکانی ، بانگ‌هەڵدەرەکان و لەگەلیاندا گشت نەوەی ئەدەبی ی نوێ ی نەتەوەکەمان ، رۆژ لەدوای رۆژ گڕی ئەو ئاگرە خۆش‌ئەکەن کە هەڵگیرساو بێ‌وچان تەکان ئەدەن بۆ پێشەوەو دڵسوزانە ئەو ئەرکەی سەرشانی خۆیان بە جێ ئەهێنن .

ئەم کۆمەڵە بەرهەمەش کە لەم ( روانگە ) یەدا کۆکراوەتەوەو ئەخرێتە پێش چاوی خوێنەرەوانی گەلی کوردمان ، هەروەها کۆششێکی تری ئەو دەستەیەیە لە کۆڕی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەداو تەقەلایەکی تریانە بۆ جێ‌بەجێ کردنی بەشێکی تر لەو ئەرکەی گرتوویانەتە ئەستۆی خۆیان .

رەنگە ئەم کۆمەڵە بەرهەمە لە ئێستەدا ، گشت ئەو ئامانجی نوێ خوازی‌یە نەدات بە دەستەوە کە خاوەنەکانیان مەبەستیانەو گشت ئەو بیرو باوەڕانەش روون نەکەنەوە ، کە بانگەوازەکە دەری بڕیبون . بەڵام بە هەر حالێك سیمایەکی

تایبەتی ئەدەن بە دەستەوەو رەنگی ئەو ئامانجی نوێخوازی یە ئەرێژن .

خۆ ئێمەش دروشممان : وتەی نوێو بیری نوێو کردا ی نوێیەو ئەمەش هەڵمەتبردنی گەرەکەو شەڕە قۆچی لە دوایە ! .

دەستەی ( روانگە )

هەواڵنامەی کتێب

# بانگەوازێك

## لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی ی نوێمانەوە

لە بەرەبەیانی مێژووی نەتەوایەتی مانەوە تا ئەمڕۆ ، وە لەو کاتەوەی کە ئادەمیزادی ئەم کوردستانە کەوتە بزووتنەوەو جێ هێشتنی یەك لە دوای یەکی قۆناغەکانی تاریکی و وونی ی . . . ووشەی شۆڕشگێڕو بەهرەی تازەکردنەوەی لە بن نەهاتووی ، هەردەم جەنگاوەرێکی ئازاو نەبەرد بووەو دەنگی زولاڵی سەربەستی و ئازادی ی دوژمن کەڕکەری نەتەوەکەمانی وەها بەرز کردۆتەوە کە لە پێشا خۆمانو ئینجا دونیای دەرەوەی لە هەر یەکێك لەو قۆناغانەدا پێ ناسیوین . بۆیە هەر ڕاپەڕینێك لە مێژوومان‌دا تەقی بێتەوە ، هەر زوو لە کوانووی ئەدەبی‌ماندا تاوی سەندوەو بیرو هۆشی ڕۆڵە هوشیارو شۆڕشخوازەکانمانی بە جۆرێك جۆش داوە کە هەردەم ( ڕاپەڕین لە ناو ڕاپەڕین ) دا بکەنە سەرئەنجامی کارو نەیەڵن لە سنووری



هەواڵنامەی کتێب

ئەو قۆناغەدا گیر بخواو بپووکێتەوە .

سەدەی تازە ، هەزاران سنووری دارێژراوی لەوەبەری بە تەووژمی بیرو باوەڕی نوێی شۆڕشگێڕی نەترس و ئازا راماڵی و شوێنەواری زۆریشی سڕینەوە . ئەو سەدەیەی کە لە هەموو ریبازێکا گیانێکی تازەکردنەوەی بزووواندو لە گشت گوڕبەستنەوەیەکی چوونەپێشەوەیدا ، ئەوەی سەلماند کە مانەوەو ژیان هەر بۆ ئەو رێچکەی کاروانە شەو شەقکەرانەیە کە بە ناو دۆزەخی ئازارو بەربەستیدا رێگای ئاوات ئەگرنە بەر . بەڵێ . . . ئەو سەدەیەیە کە مرۆڤ تیایا دەستەویەخە روو بە رووی ئەو کورگی مردنانە ئەجەنگێت کە ئەیانەوێت ژیانی لێ بکەنە شانۆیەکی نائومێدیو ورەبەردانو دەستەوستانیی ، تا وەك هەر نێچیرێکی لاوازو بەستەزمان دەم بنێنە لاکی ! .

کاروان لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ لە رۆیشتنایەو هەر پلەیەکی سەرکەوتنیشی ، سیمایەکی تازە تری تایبەتیی بۆ خۆی دەست نیشان کردووەو پێشکەوتنێکی نوێ تری هێناوەتە کایەوە . . . تا گەیشتۆتە سەر نەوەی ئێمەو پلەی پێشکەوتنی رۆژانی ئێستای ئێمە . خۆ بە درێژایی گشت

ئەو قۆناغانەی رابوردووش ، مەشخەڵی ئەدەبمان هەرگییز رۆژێك لە رۆژان نەكوژاوەتەوەو ئەم دەستاو دەستكردنە نەی فەوتاندوە . ئەگەرچی گەلێك جار ، رەشەبای ناحەزی داگیركەران ، زۆرو كەم پرتەپرتی پێ خستوەو خورپەی داوە لە دڵی . ئەمە جگە لەوەی كە زۆر جاری تریش ، بە فوولێ كردنی ناكۆكی و لێك دابڕینی ناو خۆمان مەترسی كوژانەوە رووی تێ كردوەو جەزرەبەی لێ داوە . بەڵام دیسانەوە ، هەر شەوقی خۆی لە نەتەوەمان نەشاردۆتەوەو نەی هێشتوە تاریكی ی بە یەكجاری ی خاكەكەمان تاپۆ بكات .

بانگەوازێك لە روانگەی ئەدەبی مانەوە درابێت بە گوێ ی كورو رۆڵانی نەتەوەكەماندا ، تاقی كردنەوەیەك نیە كە دەست پێشكەری ی تیایا بۆ ئەوەی ئێمە بگەڕێتەوە . هەروەكوو رێگایەكیش نیە هەر بە تەنها ئێمە پیایا رۆییشتبین بەڵكوو ئەم دەنگ و خواست و مەبەستانە ، كەم و زۆر هەر هەبوون . ئەگەرچی بانگەوازێك لە سەردەمی زانیاری ی ئەمڕۆدا هەڵبدرێت دیارە ئەبێت جیاوازی ی لە گەڵ ئەوەكانی رابوردوودا بە ئاشكرا دیار بن .

بانگەوازی ئەدەبی ی ئەمڕۆ ، بانگەوازی نەوەی شۆڕشگێڕو کارزان و سەدەی هەڵگێڕانەوەو یاخی بوونە بەرامبەر سەراپای مەیدانەکانی ژیان . بانگەوازی ئەو ووشەو هەستو بیرانەیە کە سنوورێك نیە بۆ ئەوەی بە زۆر بیان بەستیتەوەو بە دۆش داماوی راگیریان بکات ، وە بەری چوونە پێشەوەو چاونەترسی یان لێ بگرێت .

بانگەوازی ئێمە ، نە ئەچێتەوە سەر ئارەزووی خۆسەپاندنو زۆرەملێ و نە لە چوارچێوەیەکی تەنگەبەری دروست کراوی دەستەو تاقمێکدا شەتەك ئەدرێت . چونکە نە ئەمانەوێت دەست بنێینە بینی بەهرەی سەربەستی ی دەربڕینو نە ئەشمانەوێت ووشەی کوردی ی لە دروشمەکانی سیاسەتو راستەوخۆ دەربڕینی ووشکی کلاسیکیدا گیر بخوات . ئەمانەوێت بەرهەمەکانی ئەدەبی ی ئەم سەردەمەمان کوتو مت لە گەڵ رێڕەوی تازەو بابەتەکانی ئەستاتیکی و هونەریدا بگونجێتو ئاوێنەی هەموو ئاواتێکی کۆمەڵگای کورد بە تایبەتی و کۆمەڵگای گشت مرۆڤایەتی بێت . ئەمانەوێت ئەو تەوقە رزیوانە بشکێنین کە شێوەو ناوەڕۆکی ئەدەب ئەکەن بە مۆمیایەکی بێ بزووتنەوەی مردووی

لەش ساردو سڕ . ئەمانەوێت لەو تاقی کردنەوانەدا بژین
کە لە ناوجەرگەی کارەسات و رووداوەکانی سەردەمی تازەماندا
داڕێژرابن و خۆمان لەو سنوورە بهاوێنە دەرەوە کە دەوری
مێژوویی یان لە گەڵ سەردەمی رابوردوویان بەسەر چوو .

کۆن بە لای ئێمەوە - لە پێوانی بابەتەکانی ئەدەبدا -
هەر ئەوە نیە کە کوێرانە یاخی بوونێکی دژ بەرپا بکەین
ئێمە بڕوامان وایە کە تاقی کردنەوە کۆنە سەرکەوتووەکان
هەمیشە پاڵ پشتێك بوون بۆ رێڕەوە تازەکانی دووای خۆیان و
ئەمان لە منداڵدانی ئەوا لە دایك بوون و لە باوەشی ئەوا
کەوتوونەتە گڕوگاڵ . بەڵام قوتابخانەی ئێمە ، قوتابخانەی
( نەتەوەو ژیانە ) . . . قوتابخانەی مزۆڤایەتی پێ شێل -
کراوی ناو ئەم جیهانەیە . . . قوتابخانەی رانەوەستانە لە
بزووتن و پێشکەوتن ... قوتابخانەی هەڵچوون و یاخی بوونە
لە رووی هەر کۆت و زنجیرێکدا کە بیەوێت بەر لە تەقینی
کانیی ئاواتی لە بن نەهاتووی ئەدەبی مان بکرێت . نەگریان و
دۆش دامان و فرمێسك رشتنی رۆمانتیکی یەکان . وە نە گرتنی
ئەو وێنە فوتوگرافی یە بێ بزووتنەوانەی ریالیزمی یەکانیش .
نهێنی پاشە رۆژی رووناك و سەرکەوتن و زاڵ بوونی ئەدەبی

تازەو بیری نەوەی نوێ ، لە تەنها رازانەوەو ئارایشت ـ کردنی دیوی دەرەوەدا نیە ، بەڵکوو لە چوونە خوارەوەشدایە بە بنج و بێخی هەست و نەست و ژیانی ئادەمیزادی سەدەی بیستەمەدا . . . هەموو ووشەیەك ئەیەوێت بژی و بجووڵێت و جێگەی خۆی بکاتەوە .

بەلای ئێمەوە شێوەو ناوەرۆك لە یەکتر جیا ناکرێتەوەو هەردوو هەر لە یەك بۆتەدا قاڵ ئەبن و پێ کیشەوە لە دایك ئەبن . جا لە بەر ئەوەیە کە ئەڵێین ؟ شێوەو ناواخنی ئەدەبی ، تێکڕا ئەبێت لە کۆڕی ژیان و بزووتنەوەو تازەکردنەوەدا پەل بهاوون و نەش و نما بکەن و بدرەوشێنەوە.

لە سەردەمی ئێستاماندا ، ئەو بابەتە ئەدەبیە قورس و قەبانە ماوەی ژیانیان نەماوە کە هونەری ناوەرۆك ئەکەن بە ژێر پێی ئەسپی باڵداری خەیاڵ و دارو پەردووی ووشەی ووشك و برنگی رەق و بێ گیانەوە . ئەو بابەتە ئەدەبیانە، هەرگیز بۆ زۆربەی نەتەوە نەژیاون و لە ئازارو ئاواتی چەوساوەکانی نەگەیشتوون ، وە لە تاقی کردنەوەکانیدا دوو-پێیان هەڵنەهێناوەتەوە .

سەردەمی بەرهەمی دروست کراوی بێ بۆنەو ستاییشی

درۆو هەجووی بێ پێز بەسەر چووەو ئەدەبیش لەو قەڵەم ڕەوی دەرەبەگایەتی‌یە رزگاری بووە کە بکرێت بە تاجێکی گەوهەرو مرواری‌و بە بڕیاری چەند کەسێك بکرێتە سەری یەکێکەوە .

نووسەرو شاعیری ئەمڕۆمان ، پێویستە ئەو قاووغی ویقارو فیزو لە خۆ بایی بوونە کلاسیکیانە بشکێنێ کە دوورەوپەرێزو لە سووچێکەوە دابنیشێت ، وە تەنها بۆ حەزو ئارەزووی خۆ بهۆنێتەوەو بنووسێت ! . نووسەرو شاعیری ئەمڕۆ ، شان بە شانی پیشەی نووسین‌و شیعر ووتنی کارگێڕیشە .. شۆڕشگێڕیشە .. جەنگاوەریشە . ئەو تاقی کردنەوانەی لە ژیانی رۆژانەدا ئەدیبی تیا ئەژی‌و لە کوورەی بەسەرهات‌و کارەساتەکانیدا جۆش ئەخوات . هەر تەنیا ئەو تاقی‌کردنەوانەن رێگەی پوختەترین‌و بالاترین بەرهەمی داهاتووی بۆ خۆش ئەکەن.

دووا جار ، بانگەوازی ئێمە کە لە گەرووی بیری نوێ‌ی شۆڕشگێڕی‌یەوە سەر هەڵ‌ئەدات‌و بە گەڕاوەی رازاوەو نەخشینی تازەکردنەوە رێگای سەرفرازی‌و پێشکەوتن ئەگرێتە بەر ، دیارە ئەبێتە مەڵبەندی گشت ئەو رێبازو بیرە نوێ- یانەی کە سەرەڕای هەموو جیاوازی‌یەکیش لە نێواندا (لەرووی

فەلسەفەی تایبەتیی قاڵبووی ناو مێشك و ناخی دەروونی خۆیانەوە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژیان ) ، لە ( روانگەی ئەدەبی نوێ ) ماندا یەك ئەگرنەوەو لەوێدا هەریەکەیان چاو ئەبڕێتە ئاسۆی تایبەتیی خۆیو بۆ لە باوەش گرتنی رۆژی تایبەتی ، ئەندێشەی شەونخوونی ئەچێژێت . ئێمە لە ئێستادا وا هەست پێ ئەکەین کە گشتمان گڕو کڵپەیەك لە ناخمانا پەنگ ئەخواتەوەو لە مێژەوە جۆرە هەستو نەستو هیواو ئاواتێکی تایبەتیمان لە بۆتەی خۆیدا جۆش ئەداتو ئامادەی تەقینەوەی ئەکات .

سەبارەت بەمە ، ئێمە ئێستا هەرگیز دەربەستی ئەوەنینو خۆمان لەو گێژاوەدا گیر نادەین کە ئەو تەقینەوەیە ئەبێ بە تەنها روو لە ئەو هەورازو یا لەم دۆڵو یا ئەو بیابان بکات .

بانگەوازی ئێمە تەقینەوەکەی مەبەستەو لەو پێناوەدا دەنگی زوڵاڵی خۆی بەرز ئەکاتەوە ، بروسکەو چەخماخەی خۆی ئەداتو ئەچێتە کۆڕی جەنگێکی پیرۆزەوە . ئێمە وەها بە ئاواتەوەین کە بتوانین لە کۆڕی ئەو جەنگە پیرۆزەدا سەدان بەهرەی رۆشن لە دەم گورگی چەقینو کپ بوون

بسینینەوە ... سەدان ئەستێرەی گەش لە ژێر باڵی تاریکیی دەرکێشینە دەرەوە ... سەدان خونچەی هیوا لە سیس بوونو بگرە سەدان گوڵی بۆن خۆشیش لە هەڵوەرین رزگار بکەین کە ئەمانە هەموو لەم ساتانەی سەرهەڵدانی ئەم سەردەمەی ئێستای ئەدەبەکەماندا متو خامۆشنو بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هەڵهاتنی رۆژی رەنگاورەنگی بەختیان ئەکەن .

لە کۆتایی‌دا ، ئەگەر بمانەوێت پوختەی بانگەوازەکەمان لە چەند وتەیەکی ورشەداردا کۆبکەینەوە ، ئەڵێین :

ئێمە نووسینمان قاڵبووی ئازارە ... بویە دژی ئازار ئەجەنگێت .

جوانیی پەرستە ... بۆیە ناشیرینی ناگرێتە خۆی .

نوێ خوازە ... بۆیە لە کۆن یاخی ئەبێت .

[illegible] ئازادە ... بۆیە گشت کۆتو زنجیرێك ئەپچڕێنێت .

شۆڕشگێڕە ... بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپو مەترسی‌یەکدا سڵ ناکاتەوە .

مرۆڤی کورد ئەینووسێت ... بۆیە بۆ نەتەوەی کورد

ئەبێتە مەشخەڵ .

جاگشت ئەوشاعیرو نووسەرانەی کە لە ناخدا وەك ئێمە هەست ئەکەن . . . وەك ئێمە بیر ئەکەنەوە ... وەك ئێمە کردار ئەکەن ، با خۆیان بە خاوەنی ئەم بانگەوازە بزانن .

شێرکۆ بێ کەس . حسین عارف . کاکەمەم فەخری بۆتانی جەمال شارباژێڕی . جلال میرزا کریم .

٢٥ / ٤ ١٩٧٠

هەواڵنامەی کتێب

# سێ چاو !...

جەماڵ شارباژێڕی

## چاوی یەکەم :

چاوی ڕووبار ..
بە برژانگی سێبەری بیو سوورەچنار
لە گەڵ ئاسۆی زەردەخەنەی ..
شنەی بەیانا .. ترووکا
لە گەڵ شڵپەی .. دەمەی دەموچاو شتنی
کچی جوانو تازەبووکا ..
بە ئاوازی قوڵپەکانی ..
پلوسکی شمشاڵی .. کانیی
کاتی پڕکردنی گۆزە
گیان لە گەڵیا .. هەڵتووتەکا
تۆزە .. تۆزە ..
پوورە هەنگی هەستی بە کوڵ

ەوانامەی کتێب

وەکوو بۆ گوڵ ..
وەك بۆ شێلە تێ ی ورووکا
بە کامی دل
دیمەنێکی .. گەلێ شیرین و پیرۆزە
لە گوندێکی رازاوەدا ...
لە ناو کۆشی .. کوردستانی ئێسك سووکا

ە ە ە

لەو چاوەدا .. هەناسەم شت
ئەو سێبەرەم کردە پۆشین
بەو ئاسۆیە دوو تاسەم کوشت
دەستیان گوشیم .. دەستم گوشین
بۆیە من خۆم ئەدەم بە کوشت
ئەم دیمەن و نازدارانەی ناو دیمەنە
رزگار بکەم
وورد و درشت ..
بە ئاواز و زەردەخەنە
دڵشاد و بەختیار بکەم

هەولنامەی کتێب

## چاوی دووهەم :

کاتێ چاوی کاڵی گزنگ
لە پێڵووی کەلدا تروو کا ..
بزەی پرشنگ .
کەوتە سەر لێوی دامێنی ..
لوتکەی چیا .
ئەو ئەستێرە بەدبەختەی شەو
کە ئەگریا
بۆ کوردستان هات بە چۆکا
زەردەی ئاسۆی وەکوو شانە دا لە سەری
کەساماڵی کردە بەری
هەتاوی کرد بە بەرۆکا ..

° ° °

چاوی بروسکەی بێ تەلی ..
بەرەبەیان
نیگای هەواڵی بە پەلی ،
بنکەو ناوچەکەمان کەیان ..
ـ وا لەشکری هێزی دوژمن

بە ڕێوەیە ..

ڕوو لە ناوچەکەی ئێوەیە

ئامادە بن .

بەڵام بابێین ..

بزانین .. کێن !

ئاوارەی کوێن ؟ ..

وا لاوی قۆز لە سەنگەری قەشەنگایە

چاو لە دەستا ..

هێزو بڕواش .. لە ناو لوولەی تفەنگایە

لە گەڵ هەستا ..

بۆ دەهەم جار ..

ملی کەچیان بە سەر شەرمەزاریاندا

ئەدەینەوە .

هەروەکوو پار

کڕ لە دڵی ڕەشی شەوی خۆزگەیاندا

ئەکەینەوە .

بابێن .. ئێمە .. وا وەرامی

بە ئارامی ..

هێرش‌بەران ئەدەینەوە .

## چاوی سێهەم :

چاوی سروشت .
نیگای بە کلی دووکەڵی شەوی تاڵ ڕشت
لە هەوری تانەی سووکی پاڵ ،
ئەستێرەی گیانی بەرزەوە ..
نمە بارانی کیناوی
بە تەرزەوە ..
پەنجەی ئارامی تەڕ کردم ..
هەستی ناسکی سڕ کردم !
باخەکەمی بریندار کرد ..
بە دەم شاڵاوی هەناسەی ڕەزی گریاوی وەرزەوە ..
لە گەڵ تاسەی
ژەنگی گەڵای مێوە زەرد هەڵگەڕاوەکان
وەك ڕوومەتی کچی هەستم
بەد ناوەکان ..
وەرزی ساڵیان بێ بەهار کرد
بێ چاوەکان ..

هەوالنامەی کتێب

دەرزیی زەهراویان هێنا ..
بۆ کلێنەی چاوی گەشاوەی هەڵبەستم

ە ە ە

بەڵام چاوی تیژی مێژووم ..
دانامێنێ ..
ووشەی ئێستاو پێتی پێشووم
وورد ئەبینێ ..
سووتووی خەڵوزی پێنووسی دەستی تاوان
کوا بڕ ئەکا .. ؟ .
دڵی ئادەمیزادی پاك ، هەستی نیان
چۆن سڕ ئەکا ؟ ..
دەنگی بە سۆزی ناسکی گەرووی بەیان
چۆن کڕ ئەکا .. ؟
چاوی ڕوبار ، چاوی گزنگ ، چاوی سروشت
هەر گەشاوەن بۆ نەو نیگای ئاوێنەی گشت .

١٩٧٠



هەواڵنامەی کتێب

چیرۆك

# چاڵی جەرگی پیرێژن !..

**حسین عارف**

- (٢٥) ی نیسانی ١٩٦٣ ؟!

- بەڵی ..

- لەو رۆژەدا ژنتان بۆ نیشانە کرد ؟! .

- بەڵێ .. بەڵێ ..

- ئەیان پەرژاوە ئەڵقەکەی لە پەنجە داکەنن .. تەرمی شەهیدی ئێوە ئەمەیە ! ...

ئەڵقەیەکی زێڕی خۆڵاوی و تورەکەیەك ئێسك و پرووسکی تەڕی درایە دەس .

بەسەرێك چۆڕاوگەی فرمێسکی ئەڕژانە سەر توورەکەکەی دەستی . بەسەرێکی تریش ئەتوت مژدەی ژیانێکی نوێی پێ راگەیەنراوە ! .

- لەعنەتتان لێ بێ .. نۆ مانگە دەس خەڕۆم ئەکەن ..

هەواڵنامەی کتێب

نۆ مانگە ئازاری کومانم ئەکەن بە قورِکا ! .

بەڵام هێشتا بەختەوەر بوو .. لە ئەنجاما بەڵگەی شەهیدی خۆی نایە تەنکەی باخەڵی و توورەکەی ئێسك و پرووسکی جەرگی خۆی چنگ کەوت .

- ئەی کورِەکەی من ؟ .. بەقوربانتان بم .. کورِەکەی من ؟! .

پیرێژنێك ، لە دەمێکەوە وەها ئەکرِووزایەوە .. لە دەمێکەوە بە هەر چوار لادا هەڵپەی ئەکرد .

- هەرچی هات و جەرگی خۆی لە ژێر خاکا دۆزییەوە تەنها جەرگی من وونە .

لە دڵی خۆیا بەخیلی بەوەکانی تر ئەبرد ! .

- داپیرە گیان .. دڵ لە دڵ مەدە .. جەرگی تۆش ئەدۆزینەوە .

مامۆستا ئەو رۆژە ئەرکی دۆزینەوەی جەرگی مەردمی شارەکەی خرابوە ئەستۆ .

- ئەی ئەم شەهیدە خاوەنی نەبوو ؟

پێشمەرگەیەك بە کلاشینکۆفەکەی ئیشارەتی کرد بۆ کەللەسەرێك و کۆمەڵێك ئێسقانی ناو چاڵێك .. پاتاڵی چۆ-

غه‌یه‌کی خورمایی‌و شه‌رواڵێکی ره‌شی تێ ئالاَ بوو ! .
که‌سێك له‌ عه‌شاماته‌که‌ نه‌هاته‌ وه‌رام ! . .
ـ وادیاره‌ بێ که‌سه‌ ! . . .
ـ ئه‌بێ خه‌ڵکی ناو شار نه‌بێ ! . . .
ـ به‌ چاش که‌وشه‌کانیا له‌ لادێی ئه‌چێ ؟ ! .
مامۆستاو پێشمه‌رگه‌کان ، له‌ ناو خۆیانا ووردیان ئه‌کرده‌وه‌
ـ تو خوا حه‌مه‌ گیان . . . ئێسقانه‌کانیشتم ده‌س
ناکه‌وێته‌وه‌ ؟ .
پیرێژن به‌کوڵ ئه‌یلاوانه‌وه‌ .
ـ مامۆستا . . . پێشمه‌رگه‌کان . . خه‌ڵکینه‌ بۆ خوا . . .
حه‌مه‌که‌ی منیش بدوزنه‌وه‌ . . . هه‌ر ئه‌ووم هه‌بوو ! .
پیرێژن به‌ردی به‌ با ئه‌کرد . . چنگی له‌ ئاسمان گیر
ئه‌کردو به‌ سه‌ر زه‌مینا دای ئه‌ڕماند ! .
ـ له‌عنه‌تتان لێ بێ . . هه‌موو جۆره‌ مردنێکم بۆ
کوڕه‌که‌م ئه‌هێنایه‌ پێش چاوی خۆم ، ته‌نها ئه‌مه‌یان نه‌بێ .
پیره‌مێرده‌که‌ ، تووره‌که‌ ئێسقانه‌که‌ی له‌ دۆڵه‌که‌ی
ئه‌ودیو ترا ئه‌نایه‌ گووڕه‌وه‌ .
ـ جانه‌وه‌ر بوون ! . .

- بوختان بوو جانەوەر مەکە .

- نەبوە !... کارەساتی وەها قەت نەبوە !..

- مێشکی خوتان خەریك مەکەن .. ئەوان گەڕێن ..

ئەوان ، ئەوان بوون .. خومان چی بووین ؟!.

- چی بووین ؟!.

- گێل .. گەلحو .. گەمژە !...

خاوەن تورەکە ئێسقانەکان ، لە گوێ چاڵەکانی جەرگیان ، لە سیاسەت ئەدوان .

- شەهیدێکی تر دۆزرایەوە ..

پێشمەرگەیەك هاواری کرد .

- ئوخەیش !.. ئەوە حەمەیە .

پیرێژن هەڵمەتی برد .

- رانك و چوغەیەك و جووتێك کلاشی دۆمی !.

- با بی بینم !.

- رانك و چووغەی لە بەرا بوو ؟!

- نەء ..

- پێویست بە بینینی ناکا !.

- باش سەیری کەن !..



هەواڵنامەی کتێب

ـ جووتێك كلاشی دۆمیش ؟ ! .

ـ نەء . . .

ـ داپیرە گیان . . سەیری نەكەی باشترە .

داپیرە ئاواتی بە مەرگ ئەخواست . . بەرەو تەل بەندەكەی خوار دۆڵەكە هەڵات . . . قیژانی بە رووی لەشكرگاكەدا .

ـ ئێسقانەكانی ! . . . ئێسقانەكانیم بدەنەوە دەس ! .

لوولەی رەشاشێكی دكتاریوف ، لە دوور لەرزیو بە خێرایی شریتێك گوللەی تێ چەسپێنرا ! . . . شەش حەوت سەرباز راچەنینو بە یەكا هاتن ! . . . ئەفسەرێك بە پەلە ، كلینەی هەردوو چاوی لە دوور بینێك گیركرد ! . .

ـ ئامادەبن . . . ئەمانە كەللە رەقن . . . ئەترسم سەركێش بن ! .

مامۆستا ، كەللەی خوی نابوە ناو چاڵە بەفرێكەوە !

ـ داپیرە خوت لەو تەل بەندە بە دوور بگرە . . وارێك كەوتووین !

ـ كوا چاڵی جەرگی من ؟ !

ـ هەر ئەی دۆزینەوە .

. . . . . . . . . .

- ئەم شەهیدە خاوەنی نەبوو ؟!

پێشمەرگەکە ، هێشتا سەرنجی عەشاماتەکەی هەر بوو رانك و چووغەو کلاشە دۆمی یەکە رائەکێشا ! . ئەوانیش بەروو دوا ، چاوی زامی بەسوێی خوویان بە سەرا ئەتر - ووکان و بەرەو چاڵێکی تر خوویان کێش ئەکرد .

- ئەو خاکەنازەم بەرە دەس .. من گومان لەم تەپۆ - ڵکەیە ئەکەم !

دەمی خاکەناز ، جەرگی پیرێژنی ئەچنی ... هەر دەمی خاکەنازیش جەرگی پیرێژنی ئەدۆزیەوە ! .

- خوم هەر زوو زانیم ئەمەش چاڵی جەرگێکی ترە ! .

پیرێژن بە دەم ئەم دەنگەوە ، تەکانیدا بۆ سەر کەناری چاڵی جەرگی .

- داپیرە گیان .. تەکەرە مەخەرە ئیشمانەوە .

پێشمەرگەیەك ، بە نەشارەزایی دڵی جەرگی پیرێژنی شکان .

- ئەوە چاڵی جەرگی منە ! .. دڵم وام پێ ئەڵێ ! ..

ئاواتی پیرێژن ، لە دەمی خاکەنازا ئەژیاو ئەمرد ! ...

- ئەو شەهیدانە بو نەبرێنە مەڵبەندی باوو باپیران ؟!..
بو لە بیابانی تەنهاییدا تووڕیان ئەدەن ؟!.

- ئێرە دۆڵی شەهیدانە ... لێرەدا لاپەڕەی مێژووی خویانیان لە خوێن هەڵکێشا .

- ئەوێ گردی شەهیدانە !.. لەوێدا باوو باپیران لاپەڕەی مێژووی ئەمانیان نەخشە کێشا .

- دڵم خەبەری داومێ ، ئەم چاڵە چاڵی جەرگی منە !..
بەو خاکەنازە بڵێن نەحەوێتەوە !.. چاڵی جەرگی من بدۆزێتەوە !.

پیرێژن ، ئەم گردەو ئەم دۆڵەی مەبەس نەبوو !..
چاڵی جەرگی خوی ئەویست !.

- پشتێنێکی چیت کوودەری ی رەش باو !...

- بە قوربانی دەمتان بم !...

- شەرواڵو ستارخانی یەکی !...

- نەء ، تو خوا نەء ...

- جووتێك پێلاوی ....

- ئەی هاوار .. کوا جەرگی من ؟! ... کوا شەهیدی من ؟!...

هەواڵنامەی کتێب

پیرێژن لەپەوڕوو کەوت ... ئاخی زەوی بە برژانگی چاوی هەڵ ئەکوڵی ! .

- بێنن بە قوربانتان بم . . . ئەوە هی منە .

ئەم پیرێژن نەبوو . . . تەمەنی لە سیو پێنج تێپەڕی نە ئەکرد .. زوو شووی کردبوو . مێردەکەی ، قوڵپی گریانی لە قوڕگی خویا ئەتاساند ! .

- قەڵەمپاندانێکیش ... لە سەری نووسراوە ( کوردستان یا نەمان ) .

- ئازاد گیان . . . .

دایکی ئازاد ، هەتا هێز لە کەروویا بوو قریشکانیو ئیتر لە جێگەی خوی گرموڵە بوو .

- سەربەرزی بو خوتانو شەهیدتان .

باوکی ئازادیش بەختەوەر بوو !... توورەکەی ئێسقانی جەرگی خۆی نایە بن دەستو رووەو دۆڵەکەی ئەودیو هەنکاوی نا .

- ماموستا . . . ئەم شەهیدە بێکەسو کارەچی لێ بکەین ؟ .

پێشمەرگەی دیار چاڵی جەرگە بێ خاوەنەکە ، ئەم



هەواڵنامەی کتێب

پرسیارەی کرد .

- ماموستا وا ڕۆژ ئەکوژێتەوە ... کوا چاڵی جەرگی من ؟ ! .

- داپیرە گیان هەر ئەیدۆزینەوە .

- ئەڵێم کوا چاڵی جەرگی من ؟ ! .

- ..............

داپیرە بەرەو لەشکرکاکە هەڵمەتی بردەوە ..

- کوا چاڵی جەرگی من ؟! .

بەردەبارانی لەشکرکاکەی ئەکرد ...

- کوا چاڵی جەرگی من ؟ ! .

دوو پێغەمەرگە گرتیانە باوەش‌و کەوتنە ماچ کردنی دەستی ڕەکاوی ی‌و ڕوومەتی چرچی .

- کوا چاڵی جەرگی من ؟ ! .

خۆی لە دەستیان ڕاپسکان‌و ڕووەو ناوشار هەڵات ! ..

ناو کوڵان‌و سەر شەقامەکانی شاریش ، تا نیوە شەو ئەو هاوارەیان تیا ئەتەقی‌یەوە .. تا لە ناکاوێکا کپ بوو ! .. ئەوسا مەردمەکەش سرەوتیان‌داو نووستن ! .

١٩٧٠/٥/٢٧

هەڵبەست

# وەبووە لەناو وشەدا

## ئەنوەر شاکەلی

گوڵوپەکانی شارەکەم ، لە کێژاوی تەمی ڕەشا
ئەتوێنەوە ،
نیگای نەخوشی کوێرێکن .
ئەڕۆم . . .
بە سەر شەقامێکا ، مەمك
لە ژێر پێما ئەقیژێنی ،
باڵدارەکان شەقەی باڵیان دیاری شەوە ،
چەقوی ئازار
داستانێکە بۆ کووتایی کیانی خەوە .
دیوارەکان ، دەرگاکانی ئاسنی سارد ،
شەقامەکان . . . ! کوا ماڵەکەم ؟
کوا ئافرەتی خووشەویستی ی ،

هەواڵنامەی کتێب

شەوی ئارامو ژیانم ؟

من نازانم

دەرگاکەمان ، چونە ڕەنگی ؟

( زین ) پێکەنین ئەخاتە سەر لێوی شەنگی . . ؟

ە ە ە

پەنجەکانم ، ئەگرین لە تاوی ژانێکا

ئەیانخاتە سەر بڵێسەی ئاگری رووت ،

چزووی دڕك

ئەچەقێتە گلێنەی بێگەردی چاوما ،

ملم ئەسوێ لە بەر زبری گوریسو ڕك .

ئەمڕۆ ژمارەی دوژمنی

راستەقینەم هەر زۆر ئەبێ .

باڵدارەکان لە ئاگرا ئەسووتێنم ،

منداڵەکان ئەخنکێنم ،

زەهریکی خەست ئەڕێژمە ناو پەرداخی

خواردنەوەی هەموو خەڵکی ئەم شارانە .

لە ناو دڵما تەلارەکان

درزیان بردو هەموو ڕووخان ،

ئێوەش بە سەر وێرانەدا هەنگاو بنێن ،
بڕۆنو بێن . . . !
لە ژێر هەموو شتێکا دێو ، ئامادەیە
بمکاتە دووا پێکەنینی شەوی خۆشی ی .
لە تاریکی سووچەکانا
زۆر چەقوی کێر وەستاوە بوم ،
بەڵام نارۆم . . .
ترپە ترپی پێی دزی شەو
خەو وون ئەکا لە چاومانا .
هەورەتریشقەی زستانی ساردی ئەمساڵ
منداڵەکانی ناو بێشکەو دەسرازەی پان
ئەترسێنێ ، وێڵیان ئەکا لە کڕوکاڵ .

° ° °

ووشەکانی ناو فەرهەنگی ئەم خەڵکانە
کەوتوون لە سەر شەقامەکان ،
چڕنووک ئەکرن لە پێی رێبوار ،
پیتەکانیان هەموو رۆژێ
لە گەڵ گزنگی بەیانا ڕوو ئەکوڕێ .

من ئەمەوێ ووشەیەکی گەش و پاراو
بنێمە سەر کلێنەی چاو ،
بە درێژی تەمەن پاک بێ ، ژەنگ نەیگرێ .
ئەو وێنانەی تازەن ، جوانن
لە چوارچێوەی تەختەیەکی ڕەشا نووستوون .
پەنجەکانم تامەزرۆی دەستلێدانێکن ،
ئەڵێن : ئەمڕۆ سەرمایەکە
پەنجەی هیچ کەسێ گۆ ناکا .
دەسا بگرین بۆ ئەو چاوانەی کە کوێر بوون .

- ١٩٦٩ -

هەواڵنامەی کتێب

* * *

# سێبەری بەرسەنگەری مەرگ

- بە گیانی پاکی هاوڕێی نەمرم
« مەئموون دەباغ » پێشکەشە -

## کاکە مەم بوتانی

دووکەڵی بێزاری ناخی دەروون ، دەست لە ملی شین ئەکات . ئاواتی برسی لاویەتی بەرەو دنیای نائومێدی بێ سنوور ڕا ئەکات . گلۆوڵەی ئاڵۆزکراوی بێدەنگی ، لە ونبوونی هەتا هەتایە کاریگەر ترە . رووی مانو پەرە- سەندنی زەمین شلەژاوە . جووڵەی گیان لەبەر ، بە زەبری کوتەك ماشراوەتەوە ، لە زگی کوولەکەی تەڕیان پەستێوە . دەم ، بەسراو . . چاو ، بەقوڕ سواخ دراوە . گیان لە نووکی دەرزی یەوە دەر ئەپەڕێ . ژیانی سەرئەم ئەستێرەیە

بەهێزی ئەتوم ، بە کوڵی حەماڵی ئەیلی گوازراوەتەوە ناو فڕۆکە خێراکانو بەرەو ئەستێرەیەکی نزم هەڵدراوە . ژیانو بەختەوەری لەوێدا کەوتووتە جمو جووڵ . بەشێوەیەکی تر ، بێ گەردو بێ لایەن تر .. جووزەرەی دەرکردووەو سەری هەڵداوە .

هەر یەکە ، بە لایەکدا ، لە سووچێکەوە .. لەسەر زک ئەخشێو فیشکەی دێت . چەك لە ناو مشتیانا مەلاس دراوە . دوو چاو و دوو گوێی تر لە بازاڕی نامردی قەرزکراوە . زمانی مرۆڤی لە سێدارە دراو بستێك هاتووتە دەر ، دڕکو داڵو لیسی . زەوی پێ ئەماڵن . کێن ؟ چییان گەرەکە ؟! ..

لە ناو دارەمەیتێکا خوم وەدی ئەکەم . دارەمەیتەکەم لە ناو قەفەزێکی گەورەی لە شووشە دروستکراوا دیت ، قەفەزەکە چواردەوری بە خەڵکی گێژۆکە چنرا بوو ، بو دیدەنیم هاتبوون .. چاویان بو رۆژی شەهید بوونم ئەگێرا ، بەڵام سەرسامی دای گرتوون ، نازانن کەی وە بوچی مردووە .

راستی مرۆڤ لە روو بە روو بوونی مردنە . چاپووکی

له زۆران بازی زاڵبوونە . ئەكەی چاو بتروكێنی .. له بن زگیەوە هەڵیدڕە ، له خوێنی ڕەشی قەترانی خویدا بیگەوزێنە .

- ئا .. ئاوات لی ئەكەم !

- ڕەحمێك .. كورە ڕەحمێك .. تۆبە !

- تۆبەی گورگ مەرگە . پاش گرتن و سووتانیش دووكە-ڵەكەت بە سەر كونجە خنجیلانەكەما بڕوات ، ڕۆژ ئەگیرێ ، ئەستێرەكان له چاو وون ئەبن . بوگەنی گشت زەلكاوەكان سەر هەڵ ئەدەن .. منداڵەكانم كاس ئەكات !!

ئەگەر ڕاستیان ئەكرد ، نە ئەبوو هاوڕێیەتیان بنابایە بەولاوە ، بە پەلە هەل له دەستی خویان نەدەن پشتم بەردەن ! ترس و لەرزی كوشتن و بڕین .. ئەوانیشی له باوەشی خوی ئاخنی بوو . لووی خوپەرستی سەری هەڵدابوو ئەگەر كورتە غیرەتی یەخەی زرێداری بەر دابان ، شەرمی سەرزارەكی دای نەگرتبان ، هەر له یەكەم هەنگاویانا منیان له خویان نە ئەكردە بار ، لەو دەشتە فراوانە ئە-كرامە خوراكی داڵ و سیسارکە کەچەڵە .. نەء .. وانیە !! ئەمان لێرە ئێن خوای ئەوان لێرەیە ! ئامادە بوون بە كۆڵ

تا بناری کێوی سەرفرازیم بەرن ، لە سنووری دۆزەخی
دەست کرد دوورم خەنەوە . بە زۆری زۆردارەکی بو پێ-
دزیو کشانەوە پاڵم پێوە نان .. مرۆڤ کە پەکی تەکانی
کەوت ، بوونو نەبوونی وەك یەکە .. کە مردم شوێنو
کات چ نرخی هەیە .. بسوتێم یان باڵندە بمخوا یان لە
ناو گورم پەستێن .. مردن هەر مردنە .. هەمووشی بە لە
بیرچوونەوە کوتایی دێت . شیری خاوی سەردەمی منالّی
وای لە منو ئەوانیش ئەویست .

بەرامبەرم وەستا ، چاوی سوور هەڵگەڕاوی تێ کردم ،
خوی ووتی .. ماموستا دلتەنگ مەبە ، زوو زوو سەری لێ
ئەدا ، چەند جارێك نێراوەتە شێت خانە ، سەرچاك نەما
پێی نەکرێ .. زۆر تەبیعی یە گاز لە خوی بگرێ ، پە-
لاماری هاوڕێ کەی بدات .. چونکە لە زەوی کێلاندا
هونەرمەندە . هونەرمەندیش لە گشت کەس دل ناسك
ترن .. ئەویش بە هەموو مانا هونەرمەندە .. مەبەستی لە
تو نەبوو .. توش کوری شورشیو لە پێناویا شاخ هەڵدە-
دەی !!.. من بەختیارم بە قسەکانی ، راست ئەکات ..
راست .. چەند بەختیار ئەبووم منیش وەك ئەو هونەرمەند

بوومایە .. یانی شێت بوومایە !!

لە سەر پرسەی هیچ ، بو هیچ .. دنیا رەش پوشە ! کات لە رەگو ڕیشەوە دەرهێنراوە . ئاوو گەنم بە هەسان پێوانە ئەکەم .. خشکە ، جوولە .. بە نزیك بوونەوەی مەرگ لە خامــە نەدەم . لە دەنگی ئاوازی شمشاڵ ، شنەی شەماڵ .. ئەحەپەسێم . شەڕێکی بە سامە لە بەینی درۆو راستیا ، ژیانو مردنا .. تا ئەم ساتەش یەکتریان نە بەزاندووە . ئەو کاتەی بو راستی هەنگاوی سەر بەرەو خوار ئەنێین ، بێ لێکدانەوە دەست بە ژیانەوە ئەگرین ! ئەمانەوێ بە هەر نرخێك بێت جڵەوی درۆو دەلەسەو خو هەڵخەڵەتان لە دەست نەدرێت !! .. ئەمە تاکەی ؟!

- ناوت

- . . .

- کارت

- . . .

- چی ئەزانی . . هەڵیرێژە ، پێش ئەوەی هەمانەی درۆت بێ تیخ هەڵدڕین . چاوت بە پەنجەکانت شوژناژۆ کەین .. دەست رێژت لێ بکەین ؟

هەواڵنامەی کتێب

- . . . .

- وا مەزانە کەستان لە دڵی میللەتا ئەژین .. میللەت دەمێکە دڵی بە مەترەلوزمان سووتێنراوە !!

هەڵـە ، راپەڕە .. ئەمەوێ خوم لە زەوی داپچڕم . لە سەر هەردوو پێم راوەستم . بەرەنگاریان بێم ، وەك چولەکە سەرو لەشیان لە یەك جیابکەمەوە . ناتوانم .. نا ، ئاخ قاچ بو وات لێ هاتووە .. بو بەرهەڵستم ئەکەیت ؟.. بجوولێ .. تەکان بدە خوت .. ناتوانم .. ناتوانم .. ئەمزانیوە گوللەی دوژمنی نەفام ، خاوەن هوشە ، گەر بەر درا ، بە شوێن ناسکترین جێگادا ئەگەڕێ . هەردوو قاچم پەك ئەخات . ئەوان بو ئەترسن !؟.. دیارە ئەو پەیکەرەی لە بیری تەزیوی خویان بویان داڕشتووم ، وێنەی دێوو درنجە .. چەك لە دەستیانا ئارام ناگرێ . لە ناخی دەروونیانەوە سەر زەنشق ئەم پیلانە گوڕ بە گورەی خویان ئەکەن . چی پاڵیان پێوە ئەنێت وەك کا بە بام بکەن . هەردوو بو ژیان ئەجەنگێین .. هەر یەکە بە لایەکا ، هەر یەکە بو چەشنە ژیانێك .. چونکە هەر یەکەمان بە سەرمایەیەکەوە خزاوینە تە هەراج خانە .

- برادەرینە ، ئەمەیە راستی . ئەوەی لە خەونی شەو-
یشا بە تەمای نەبووم .. وا بوو !

- چۆن ..؟

مردن وەك تاكە راستی‌یەك ، لە بەر دەستی ژیان ، دۆ
دانی تاوانو فێڵ ، كەوتە چوار پەلەو خۆی خستەوە چاوی
زەوی .

گیانە شیرینەكەم ئەوە هاتی ، پێش ئەوەی گشت
خوێنەكەم رانگی شێتی دیاریت سوور بكات خۆت گەیاندە
من . بۆ دواجار چاوم پێت كەوتەوە ؟ باوەشم بۆ بكەرەوە
ماندوویەتیم بحەسێتەوە . لێوە ناسكۆڵەكانت بمژم . بە
چاوی خۆت دیت چۆن وەك رۆستەمی زاڵ روو بە رووی
مردن وەستاوم . من لە خەباتا دۆستی گەلانم .. لەتەك .
ڤیەتنامو فەلەستینو كوبا .. شان بە شانی رەشەكان لە پێناو
خۆش كردنی ئاگرێك ئەجولێین كە ئەم سەرو ئەو سەری
دنیا بگرێتەوە . تاكو ئیتر ئێمە بە سەر ئەواندا هەڵشاخێین .
سبەینێ كە ئاسمانو زەوی دەستیان لێك بەردا ، رووناكی‌ی
تاریكی‌ی ڕاو ناو لە كونی نەمانی خزاند ، بە سەر
لاشەكانیانا ئەڕۆین .. هەر ئەڕۆین . ئەو كاتە پەنجەت

بۆ درێژ ئەکەن . .

- ئەم رەش پۆشە کێیە ؟

- نای ناسیت ؟

- نا بە خوا . . بەڵام سە بەرز دیارە !

- ئەوە دەزگیرانی رۆڵەی نەتەوەیەکە کە گەلە کە-لێنێکی دنیایان ئاوەدان کردەوە .

نا . . لێرە نامێنمەوە ، ئەگەڕێمەوە شار . . رەنگە شارەکەم هەموو رەش پۆش بن . سامناکی گشت لایەکی گرتبێتەوە . بەڵام ئەبێ سەری لێ بدەم . قەڵای زۆرداری بن کۆڵ بکەم . . بیری شەلەل بووم گشت سەرێکی لێ ئاڵۆزاندووم . بۆ وام لێ هاتووە . . بۆ . . بۆ ؟

کاروانی خشۆك نزیك ئەبێتەوە . پەلاماری کەرووی چەك دراوەو نقەیان لە بەر بڕیوە . نە ئەبوو بڕنەوەکەم بناردایەوە . گوایە ئەو لە من بەنرخ ترە ؟ تەنها ؟ تەنها چواردە خۆرێك چە چارەی ئەم گەردەلوولە ئەکات ؟!. . خەڵکی خۆی بە سەری سەدەها کەس ئەکرێتەوە ، بە سەر لاشەی هاوڕێیدا هەنگاوی پایەبەرزی ئەنێت . نەء . . نەء . . تاکەی خۆپەرستی . . با تفەنگەکە وەك پاشەرۆژی

وونی بێ سەرو شوێنی خۆم نەکەوێتە گۆمەوە . ئالای دەستم ئەبێ یەکێکی تر هەڵی بگرێو هەر بشەکێتەوە . ئەوەی دوارۆژ بۆ هەمان مەبەس بیگرێتە باوەشی . چواردە-خۆرو یانزە فیشەك لەشکرێکی بێ‌چەکو بیرو باوەر ئەهێنێت . کەی تۆ ئەوەندە ترسنۆك بوویت ؟.. تەکان بدە ، لەم پەنا بەردە نابووتە دەرپەڕە .. بنەڕێنە . .

- ترسنۆکینە خۆتانم نیشان بدەن . بە قەدەر یەك نینۆك خۆتان دەرخەن .. سەرتان دەرکەن .. ڕوو بە رووم وەرن . پێ‌دزی بۆ مرۆڤ نەهاتووە ! کوان . . ئاخ ناکەس بەچەینە .. شانتان سمیم .

تەمەن بۆ دۆزینەوەی راسق ڕەگی داکوتاوە . . با ئەم شانەش بۆ ئەوان ، بێت ، نیوەشم نەمێنێ لەوان بە جەرگ تر ئەجەنگم . نەء . . نەء . . ئەم هەڵسانەم لە جێگەی خۆی نەبوو . . سەرکەوتن لە دەست نیشانکردنی پیلانە .

- چوار دەورت گیراوە ، بێ تەقە خۆت بەدەستەوە بدە!

هەر داوە دەزوویەکم بە دەستەوە مابوو ، ئەویش بە رەورەوەی زەمین پسا . سەرچاوەی یاریدە لە ناو زگی خاك ووشك بوو . ئەوانەی چوار دەوری شمەتا ئەم بەردەی

پەنام هێناوەتە بەر ، دوژمنایەتیم رەوا ئەبینێو سێبەری
خۆیم لێ ئەدزێتەوە .. چ باکیەتی زامەکانم بە پەلە تەشەنە
ئەکات یان نەء ..

کەمارۆ ، خۆ بەدەستەوەدان .. سڵ کردنەوەو وورە بەردان ..
پاداشتی ئەوە فیشەکاتان لە قەبەڵ ئەکەم . مانی ژیان لە
روو بە روو بوونە . راستی رێگا ، راستی ئەوێت . شوێن
پێی بوونم لە سەر بەردیش بێ تۆماری ئەکەم . ریزی
دۆزینەوەی راستی گەیشتەتە سەر من . کوان ، لە چ لایەك
خۆتان مەلاس داوە . با ئێوەش وەك من ، پێش سەرە-
نگرێ بن . بۆ بە تەنها ببمە قوربانی .. کێ ئافەرینم
ئەداتێ ؟!

- کورە لە گەڵ تۆمانە . بەس تەقە بکە . خۆت بە
دەستەوە بدە . بەڵێنت ئەدەینێ ...

- نا .. نا ..

- تۆ بۆ خوت بە خوڕایی جوانەمەرگ ئەکەیت خوت
بە دەستەوە بدە ..

کار لە کار ترازا بوو . منیان پێ رزگار نە ئەکرا .
ئەگەر من رێم نەدابان ئەوان هەر ئەڕۆیشتن . لە بەر



هەواڵنامەی کتێب

خویانەوە ئەیانووت :

- لە شارەوە هاتووە ، ئێرەش هەر بە شەقامەکانی ئەزانێ تا ئێمڕۆ کامیان لە شەڕا کوژران .. نەء .. کامیان لە خەوویشا شەڕیان دیوە . لە بن ئەشکەوت چێشتەخەو ئەکەن قسەی زل و بێ‌سەروپا ئەکات . لافی پاڵەوانی‌یەتی لێ ئەدات ئەوەندە خۆپەرستە بڕنەوو چواردەخۆرێکی لە پشت سەر-یەوە هەڵواسیوە ، وەك شەمامە بۆنی ئەکات .

- برادەر ، گەردنت ئازاد بێت ! .. بە سەربەرزی ئەڕۆم ..

- بۆ دووا جار پێت ئەڵێین ، ئیتر تەقە بەسە . چەکە-کەت تووڕهەڵدەو خۆت بە دەستەوە بدە .. ژیانت ئەپار-ێزین .

کوێ‌گرانی خۆشەویست ! ئێوارەتان باش . بە پەلە ئەم هەواڵە گرنکەمان بو هاتوە : سوپای چەنکاوەرمان ، لە بەرەبەیاندا پەلاماری یاخی بووەکانی‌دا .. لە شیرینی خەوا بە سەریانا گەیشتن ، ئەوەندە خویان نەگرت ، سەریان لێ شێوا ، کولیان دا .. بنکەکانیان یەك لە دووای یەك لێ چوڵ کرا .. ئەوەی شایەنی باسە ، ئەوەندەیان چەك و

چەخانە لێ گیراوە ژمارە نایەت . کەلاکیان بە سەر یەکا کەوتووە ، بۆگەنی لاشەکانیان رۆژە رێیەك ئەڕوات چەند کەسێکیشیان بە تەپکەوە بوونو بە دەست گرتوویانن .. بە فڕۆکە ئەمەیان ناردووە بو ئەوەی پاشگەزی خوی و شەرمەزاری خوی نیشان بداتو سەوکەوتنەکانمان باس بکات .

ئەوەیان ئەوێت .. ریزی درۆیان بو مور بکەم .. بە هەموو نرخێك ئەیانەوێت بە زیندوویی چاویان بە من بکەوێت . بەڵام ئەبێ بەم ئاواتەوە سەر بنێنەوە تاکەی دوودڵی .

ـ لە گەڵ تومانە . هەر ئەم هەلەت ماوە !

ـ چاوەڕووان مەبن . منو ئێوەو دووا فیشەکو باوەشی تاکە راستی یەك کە تاکو ئێستا گەیشتوومیە تێ .



هەواڵنامەی کتێب

( ١٠ )

# وەرزی پێنجەم

## شێرکۆ بێکەس
١٩٧٠

chalakmuhamad@gmail.com

ئاوان .. ئاوان ..
کاتێ بێشەی چڕی ئاوان ،
دەس ئەنێتە بەرۆی ژیان
چنگ ئەخاتە ، جەرگی ئاسۆی ،
بەرەبەیان
دەریای .. ئاگر ،
بەر ئەداتە خەرمانی ڕەنج
ساماڵ .. ئەمرێ
گەنم .. گیانی هەڵ ئەقرچێ .
زەوی .. بۆ تنۆکێ باران ،
بۆ دڵۆپێ ،
شەپۆڕ .. ئەکا .

ئاسایش .. چاوی کوێر ئەبێ

شەڕ .. تیفوێتی بە خوێن ئەشکێ

« ماری سەر شانی سەدەی نوێ

لە مێشکی - هێوا - تێر ئەبێ . »

کاتێ .. ئاسمان

کاتێ .. هەموو فریشتەکان .

ئاژەڵ .. باڵدار

بەرگی یاخی بوونی ئازار ،

لە بەر ئەکەن ،

ڕوو وەرئەگێڕن لە یەزدان .

کاتێ .. گۆرانیی شارەکەم ،

ئەبێ بە لاوکی گریان .

کاتێ .. لەشی داربەڕوکەم ،

ئەبێ بە سووتوی وێرانە .

درەختی شەو ، ..

پەل .. تاریکیی .. ئەهاوێ

کاتێ .. ئەهرەمەنی نووستوو ،

لە دەنگی ووشەی دیل کراو

له هاواری ، ڕووناکیی ناو ،
خۆری زیندان ، ڕائەچڵەکیٚ !
دەس ئەداتە .. خەنجەری خوێن
هەتاوی .. دڵ .. زامدار ئەکا
هەنگاوی ـ مەزدە ـ ئەپێکیٚ
کاتیٚ .. کە .. ساڵ ،
هەر چوار وەرزەکەی ئەوەریٚ
دەنگیان .. ئەمریٚ
ڕەنگیان .. ئەمریٚ
بەر .. بە تەنیا .. هێشوی مەرگی ،
سەرچەم ئەکریٚ
کاتیٚ .. ئەهرەمەن بۆ ئەنجام
بۆ کۆتایی .. پیٚ ئەکەنیٚ !
لەو کاتەدا .. دیسانەوە ، ..
جارێکی تر ،
وەرزێکی تر ،
وەرزی پێنجەم ..
بۆ زەردەشتێکی کەی دووەم ..



هەواڵنامەی کتێب

بۆ مرۆڤی وەك وەك فریشتە ..

دێتەوە .. ناو ..

جارێکی تر ،

ـ مەزدەی ـ ژیان ، مەزدەی هەتاو ..

ئەژێتەوە .

ئەژێتەوە .. ئەژێتەوە !

هەواڵنامەی کتێب

## ( ٢ )          ژێرەوە ...

لە ژێر کەشی شارەکەما
لەژێر مێزەری گەورەیا ،
لە ناو قوببەی منارەیا ..
رۆژی ی هەزار بەچکە رێوی ی
چاوزیت ئەزێن ..
رۆژی هەزار ،
رۆژی ملوێن
سوێندو بەلێن ،
لە تەنافی بەنگەخوێنی ئابڕویەوە
هەڵئەواسرێن !

هەواڵنامەی کتێب

# یادو .. یاقووت و .. نەهەنگ

## جلال میرزا کریم

( ١ )

تا دوێنێ بوو ..
نەورۆزەکەی شاری هیوا
بەهارێکی پڕ لە سوێ بوو ..
کوڵی ووشەی تیا ئەپروا

o o o

دەروونی یاد .. بێ کڵپە بوو
سنگی ووتە .. بێ چرپە بوو
ئاسمانی بیر .. رەشی تێر بوو
چاوی توڵە .. هێشتا کوێر بوو

o o o

تا دوێنێ بوو ..
شاری نووستوو ..

هەر خاموش بوو ،
گوڕستانی بیرەوەچوو
فەراموش بوو

٥ ٥ ٥

ئەشکەوتی چوڵ . . ،
درەختێکی بێ چرۆ بوو . .
ئاگردانی پڕ خوێن و خۆڵ ،
بێ پشکۆ بوو . .

٥ ٥ ٥

تا دوێنێ بوو . .
چەکی خەبات ،
هێشتا متی ئاو سەنگەر بوو
هیواو ئاوات ،
هەتاوێکی بێ سێبەر بوو

٥ ٥ ٥

کاروان وێڵ بوو . .
چاوە ڕوانی
پێشەنگێکی قارەمانی

هەواڵنامەی کتێب

هەردو قەڵای دوژمن کێل بوو

( ٢ )

له ئاسۆی بێ پێکەنینا
له گەڵ زەردەی ئاوارەیی ..
ژەنگی تاڵی خورنشینا
له ئاسمانی ماتەمینا
له دووا چرپەی ورشەی وێڵی
ئەستێرەی شەوکاری ژینا
لێوی خۆری خنکاوی خوێ
کەوتە بزەی ئاورنگ ڕشتن
کاروانەکەی جێماوی ڕێ
کەوتەوە بەستەو ڕۆیشتن

٥ ٥ ٥

له پرووشەی گەردەلوولا
له گێژاوی ..
رەنگ‌زەردو هەڵبزرکاوی
رۆژانی رەشی ئەیلوولا
دەنگی راچەنینو هەڵمەت

چەکی بڕوای دا بە میللەت

• • •

باخی زەردی ئەیلوولی رووت
بە پەڵەی ئاگرو باڕووت
گوڵاڵەی هیوای شۆڕشی
نەتەوەی کوردی تیا پشکووت

( ٣ )

ئەیلوول هاتو ساڵ بە سەر چوو
گڕی کینەو رق بێ پشوو
دارستانی ..
بێ جریوەی کوردستانی
ئەکرد بە زووخاڵو ڕەژوو ..
بەڵام ئەو بڕوایەی وەکوو
شاڵاوی ئاگرو پووشوو ،
لە سەنگەرا ..
لە ئەشکەوتا ..
لە هەڵمەتا ..
لە پژانی مێشکو سەرا

هەواڵنامەی کتێب

لە شەونخوونی ڕابەرا
بە ڕووی دوژمنا هەڵئەچوو
بەجۆش‌تر بوو .. لە ناو نەچوو
.. لە ناو نەچوو

( ٤ )

ئەی کوردستانی پێشمەرگە ..
ڕاستە دڵی چیاکانت ،
چاوی گەشی منالأنت ..
ئەمساڵ پڕ شایی‌و ئاهەنگە
بەڵام .. قسە ، هێشتا .. ڕەنگە
خواست‌و مەرام ..
یاقووتێکی شەوچرای
ناو گەرووی تاری نەهەنگە .

ئەیلوولی ١٩٧٠

هەواڵنامەی کتێب

## لێکۆڵینەوە

# چەند سەرنجێکی سەرەتایی دەربارەی کات و شوێن لە هونەری چیرۆک نووسیندا

حسین عارف

ئاخو لێرەدا مەبەس لە کاتو شوێن چی یە ؟ ! .

مەبەس لە کات ، ماوەی روودان بەسەرچونو کوتایی ـ هاتنی کارەساتەکانی هەر چیرۆکێکە . واتە کات لە سێ شێوەدا ، وە یا وەك سێ پلە خوی ئەخاتە ژێر رکێفی هەست پێ کرنی هەر چیرۆك نووسێکەوە کە لە کوڕی ئەدەبدا هونەری چیرۆك نووسین ئەکرێتە خوی :

یەکەم :- رووداني کات ؛ بەلام ئاخو ئەم رووداني کاتە ، هەروا بە رووتیو بە بێ بەستنەوەی بە زنجیرەیەکی لە ژمارە نەهاتووی قوولایی مێژووەوە ، بەکیر دێتو دەستی ئەخرێتە سەر ؟ ! . هەرگیز نەء ! ... چونکە ئەو ساتەی تو

لە ماوەیەکی دەست نیشان کراودا ، ئەی کەیت بەساتی
دەست پێ کردنی رووداوی کارەسات ، بەندە بە مێژوویەکی
کەلێك کونی خویەوە ، کە مەگەر تەنها زانیاری هەرە
پێشکەوتووی ئەم سەردەمە بتوانێت ، تروسکایی یەکمان
دەربارەی ئەو سەرەتایە بخاتە پێش چاو !.

دووهەم :- بەسەرچوونی کات : لەمەیاندا راستە کە
چیرۆك نووس ئەتوانێت ، هەستی تەواوی پی بکات و سنوور-
ێکی بو بکێشێت . چونکە لە ساتی ئیستای هەست پێ کردنی
خویدا روو ئەدات . واتە لە ژێر رکێفی تەواوی ئەو
هەست پێ کردنەیدایە . بەلام ئاخو بە ئارەزووی خوی
سنووری نەخشە ئەکێشێت و هەلی ئەسوورێنێت ؟! ... یاخود
ئەو دەسەلاتەی بەستراوە بە چەند مەرج و یاسایەکی تری
دەرەوەی هەست پێ کردنی خوی کە ناچاری پەیرەو کرد-
نیانە ؟!. بەسەرچوونی کات لێرەدا ، بە توندی بەندە بە
شوێنەوەو لە گەڵیا جووت ئەبێت . گیروگرفتی هەرە ئالوزو
گەورەی هونەری چیرۆك نووسینیش ، لێرەدا ئەبێ بە کولکی
چیرۆك نووسەوە . ئەو رێبازە نوێیەی منیش مەبەستمە لە
هونەری چیرۆك نووسیندا ، وە کە لە کوتایی ئەم وتارەوا

ئەیخەمە روو ، هەر لێرەدا ئەکەوێتە ژێر تاقی کردنەوەوە .

سێهەم : - کوتایی هاتنی کات : من ئەپرسم : ئاخو کات کوتایی بو هەیە ؟!. هەروەك چون دەست پێ کردنی رووداني کات ، شوێنەواری لە لامان ونەو تا ئەم ساتەش دەس - نیشان کردنی لە وزەدا نی یە ، هەروەها دەس نیشان کردنی کوتایی هاتنیشی ئەبێتە ئەرکێکی گەلێك ستەم تر !.

ئەمە دەربارەی کات ... خو شوێنیش لای من ، هەرگیز جیانا کرێتەوە لە کات ، چ لە رووداني و چ لە بەسەر - دچوونو چ لە کوتایی هاتنیدا . چونکە کاتو شوێن ، یەك یەکتر دەس نیشان ئەکەن و یەك سنووری یەکتر نەخشە ئەکێشن ... ( ئەگەر ئادەمیزاد رۆژێك لە رۆژان توانی ، سنووری یەکێکیان نەخشە بکێشێت !! . ) جا ئەوەی دەربا- رەی کات ئەووترێت ، کوتومت دەرباوەی شوێنیش ئەوو - ترێت . ئەگەرچی راهاتن لە ئێستەدا بو ئەمیان ، کەمێك ستەم ترە لە رووی هەست پێ کردنی ئادەمیزادەوە .

بەم پێ یە ، ئەگەر بچینەوە سەر مەسەلەی کاتو شوێن لە چیرۆکی کوردیماندا ( کە رەنگە بە چوونەوەیەکی کوتوپڕ بێتە پێش چاو ) ، هەر یوکسەر ئەلێین :

[ ئێمە چیرۆکمان کێڵو کەمژەی کات و شوێنە ! ] .

وتەکە لام وایە کەمێك گورچك بڕ بێت !. بەڵام من کە لە سەر لوتکەی زایناری ئەم چەرخەی خوم راوەستاوم و چاوی پەستی و نارەزایی ئەگێڕم بەسەر ئەو کومەڵەدا کە من ئێستا رۆژانی ژیانی خومی تێدا بەسەر ئەبەم ، وە کە لە ئەنجامدا کڵپەی یاخی بوون و شوڕش گێڕی لە ناخمدا سەر هەڵئەدات لە رووبدا ، دیارە قسەیەك ئەکەم گورچك بڕو بکرە کوشندەش !!.

هەر چۆنێك بێت ، چیرۆکمان لە ئێمەدا کێڵو کەمژەی کات و شوێنە !. جا ئاخو چیرۆکێکی کێڵو کەمژەی کات و شوێنیش ، لەم چەرخی خێراییەدا ، لە ئاڵوگۆڕ کردنی کات و شوێندا ، چی ئەخاتە پێش چاو ؟!... چوار نیشانەی کێڵو کەمژەیی :

یەکەم :- [ رووکەشی ] ؟ واتە ساکاری و سەرەتایی ، چ لە ناوەرۆك و چ لە شێوەدا . دیارە هەندێك ئەڵێن : ئەمە لە ئیرادەی من و تۆدا نییەو پەیوەندی بە زۆر باس و خواسی ترەوە هەیە . من هەرگیز لاریم لەم وتەیە نییەو راستی تێدا ئەبینم . بەڵام لەو باوەڕەشدا نیم ئاوات بەوە

بخوازم کە چیرۆك نووسێکی رووسی ، یا فەرەنسی ، یا ئینگلیز بوومایە . خۆ فورسەکان وەختێك ( خیام ) یان هەبوو ، کە وەك ئێستای ئێمەی کورد ، لە مێژووبەولاوە هیچی تریان نەبوو . خۆ هیندەکانیش وەختێك ( تاگوور ) یان هەبوو ، کە هەروەها وەك ئێستای ئێمە ، لە مێژوو بەولاوە هیچی تریان نەبوو . وەکی تریش ، ئەی ئەبێ دەوری منی تاکە مرۆڤ چی بێت لە گۆڕینو بەرەو-پێشەوەبردنی کۆمەڵگای ئادەمیزادا بە گشتیو کوردەواری بە تایبەتی .

دووهەم : - [ درێژ دادڕی ] : واتە چەنەدانی بێ سوودو بکرە زیان بەخش . ( ببوورن کە وتەکە خۆماڵی یەو رەنگە گران بێت لە بەر گوێدا ! ) . لێرەشدا با راستگۆ بینو بپرسین ؛ ئەگەر دڵسۆزین بۆ راستیو باری سەرنجمان بێ گەردە دەربارەی ، بوچی لە گێژاوی ئەو درێژدادڕیەدا لوولی بدەینو لە پێچو پەنای چەنەدانی بێ سوودا حەشاری دەین ؟! . ئەوەی نەیەوێت راستی بخاتە روو ، پێویستی بەو هونەری تەڵەکەبازییە نییە . بە تایبەتی لەم سەردە-مەیەدا کە زانیاری ئەبێتە یاریدەیەك بو جیاکردنەوەی

هەواڵنامەی کتێب

راستی له ناراستی .

ئەوەی لەم چەرخەرا ئەو رێگایە ئەگرێتەبەر ، لە یەکێک لەم دووحاڵەتەدایە : یا دژ بە راستی‌یەو توانای خوی تەرخان کردوە بو ون کردنی . وە یاخود سەرلێ‌شێواوەو ناچێتەوە سەر رێگای راستی .

سێ‌هەم :- [ تەسك روانین ] :

چیرۆك نووسەکانی ئێمە بەسزمانن !... گەلێك بەسز- مانن ! ... گیرودەی تەنها ساتێکی بوونی خویانن !. ئیتر ساتەکانی تری ژیانیان ، یا بریتی‌یە لە بیرچوونەوەو فت‌کردن ، وە یا یادکردنەوەیەکی کاڵ‌و کرچ !. بەڵام خو رۆژانی داهاتوو لە لایان ، گەلێك بێ بایەخەو بێ پە- یوەندی . کێل‌و کەمژەیی کات‌و شوێن لای چیرۆك نوو- سەکانی ئێمە ، هیچکار بە زەقی ئالیرەدا دەرئەکەوێت .

چیرۆك نووسەکانی ئێمە بەسزمانن !... گەلێك بەسزمانن ! گیرۆدەی تەنها ساتێك بوونی خویانن !!.

چوارەم : - [ ئاشکرا بینین ] :

هەر مرۆڤێك کە کردارێك ئەکات ، ئەو کردارەی بەندە بە هەزارویەك کرداری ئاشکراو نهێنی تریەوە .

چیرۆك نووسەكانی ئێمە ، تەنها لە سەر كرداری ئاشكرا ، چیرۆكەكانیان دائەڕێژن !. بەڵام كەسێكیان زەفەر بە كردارە نهێنی یەكان نابەنو توخنی ناكەون ، كە لە راستیدا تەنها ئەو كردارانە ، ئاوێنەی راستی جۆری رەفتاری هـــەر مرۆڤێكن ، ئەنجامی باری ( مادی ) دیوی دەرەوەی ئەو مرۆڤە . چیرۆكنووسەكانمان لێرەدا گەلێك ساویلكەو ساكارترن وەك لە بەندی پێشوو .

ئەم چوار نیشانەیە ، لای من ئەنجامی ئەو گێلی و گەمژەیی یەن كە باسم كردن .

بەڵام چارەسەر چیە ؟! . چارەسەر هەروەها لای من ، لە چوار نیشانەی پێچەوانەدا كۆئەبێتەوە :

یەكەم : قووڵی لە بیر كردنەوەداو بەدەستەوەدانی بەرهەمێك كە رووناكی ئاراستەی نهێنی یەك لە نهێنی یە لەبن نەهاتووە-كانی ئەم ژیانە پڕ مەتەڵەی ئادەمیزاد بكات . نەك تەنها وەك تووتی یەك كردار بكاتو وەك قەوانێك خول بخواو بخواتەوە .

دووەم : چڕی لە كارەساتداو پڕی لە مانادا : من بە ئاواتەوەم كە لە هەر چیرۆكێكدا ، لە كارەساتێكی ئەوتۆ

بدوێم کە لە هەر چوار لای قاقەزەکەوە ، پەل و پۆی دە-
کێشێت بۆ ئەو پەڕی دنیاو بگرە گشت ئەو ( کەونە )
بەرینەی هەیە !. دیارە ئەمە بە وڕێتە دێتە بەر گوێ . بەڵام لە
ڕاستیدا من چیرۆکێکم مەبەستە لەم بابەتە . نەک چیرۆکێک
کە کارە ساتەکەی ، پەل بۆ ناوەوەی قاقەزەکە بهاوێت ،
تا وای لێ دێت کەلە مانای تەنها چەند وشەیەکی ناوەڕا-
ستیدا کۆ ئەبێتەوەو ئەو سەدان و بگرە هەزاران وشانەی
تریش ، ببنە تۆپەڵێک پەشمەک و هیچی تر .

سێ هەم : سەراپایی لە بینیندا ؛ ڕاستە من لەم ساتەدا
هەم . بەڵام بوونی ئەم ساتەم ، هەرگیز جیا ناکرێتەوە لە
بوونی ملیونێک ساڵ لەمەو بەرم . هەروەکوو جیاش ناکرێتەوە
لە بوونی ملیونێک ساڵی دوای ئێستەم . بەم پێیە ، هەرگیز
مەدای بینینی من ، ناشێت لە ساتی بوونی ئیستامدا گیر بخوات.
هەروەکوو ناشێت . جۆری بینینم ، مل کەچی ئەم سات و
ئەو سات بێت . بوونی من تێکەڵی بوونی کاتە ، چ لە
ڕابووردواو چ لە ئێستاو لە داهاتوویدا . خۆ لەگەڵ شوێنیشدا
کە لەگەڵ کاتدا تەواوکەری یەکترن ، هەروەهام . کەوابوو
بینینی من و باری سەرنجم ، سەراپایی و ئەو تەسک ڕوانینە

ناگرمه خۆم .

چوارهەم : پاڵ پشتێکی فەلسەفی : وەك ئەبینین ، ئێمە ورده ورده داکشاینە خوارەوە ، بۆ مەسەیەلەکی ، هەره بایەخدارتر . ( بایەخدارتر لای من ... نەك لای ئەوانەی کە لە دایك ئەبن و ئەژین و ئەمرن ، بێ ئەوەی لە خۆیان بپرسن بۆ ؟! ) . واتە مەبەسم مەسەلەی ( بۆ ؟ ) بوو . چیرۆك نووسەکانی ئێمە ، یا هەر لە بنەڕەتا ئەم مەسەلەیە-یان لا بێ بایەخە !.. وە یا وەك هەر مەسەلەیەکی ساکاری تری رۆژانەی ژیان تێی ئەڕوانن !! . وە یا ئەوپەڕە-کەی وەك تووتی و قەوانەکە ، مامەلەی لەگەڵدا ئەکەن !. کەسێکیان ئەو باوەڕەی بە خۆی پەیدا نەکردوە ) لە خۆی بپرسێت بۆ ؟. هەموو ترسێکی کوشندە ، زمانیان لە گۆ ئەخات ... ترس لە ژیان ؟. هەموو لە ژیانی خۆیان ئەترس !. کە سێکیان نە لە دایك بوون و نە لە مردنی خۆیان ناترسن !.. هەموو لە ژیانی خۆیان ئەترسن .. لە ساتی بوونی خویان ئەتۆقن . بۆیە ناوێرن لە خۆیان بپرسن بۆ ؟. چونکە ئەو بۆیە رایان ئەکێشێت بۆ رابوردوو ، بۆ ساتی لە دایك بوونیان ( لە دایك بوونە هەرە گۆنەکەیان )

هەروەکوو راشیان ئەکێشێت بۆ داهاتوو ، بۆ ساتی مردنیان ( مردنی لە بن نەهاتووی وەچە لەدوای وەچەیان ) .

بەڵام ئەو سێ رووداوە ( لە دایك بوونو ژیانو مردن ) سەرنجی من بە جۆرێکی تر رائەکێشن . بایەخیان لای من بەستراوە بە مەسەلەی کاتو شوێنەوەو لەو سنوورەدا سەرنجیان ئەدرێتێ لەبەر ئەوە ئەو ترسە ساویلکەیە من راپێچ ناکاتو نام خاتە ئەو باری ناهەمواری گێلیو گەمژەییەوە .

لێرەدا ئینجا ئەپرسم : ئاخۆ ریگا کامەیە بۆ بەدی هێنانی چیرۆکێك لە ئەدەبەکەماندا ، کەلە کوورەی ئەو چوار مەرجەدا جۆش درابێت ؟!. ریگا لای من خێراییە لە ئاڵو گۆڕکردنی کاتو شوێنی کارەساتدا . مەبەست لەو خێراییە ، چیە ؟!. بۆ روون کردنەوەی ، ئەبێ سەرنجێك بدەینە مێژووی کاتو شوێن لە رووی هەست پێ کردنی ئادەمیزادەوە .

زانیاری ئەم سەردەمە وامان پێ ئەسەلمێنێ کە ماوەیەکی دوورو درێژ بەسەرچوو ، کاتو شوێن تیایا ( لە باری سەرنجی هەست پێ کردنی ئادەمیزادەوە ، نەك خۆیان بە رووتیو وەك دوو یاسای سروشتی ) ، راوەستاو بوونو

جووڵەیان تێدا نەبوو . چونکە هێشتا هەست پێ کردنی پشق هەرەکۆنی ئێمە ، بە جم و جووڵی ئەو کات و شوێنە ، ساز نەبووبوو . خۆ کە دوای تێپەڕبوونی سەدان هەزار ساڵیش ساز بوو ، بەو خێراییەی ئێستا نەبوو کە هەست پێ کردنی من و تۆ پێی ڕاهاتووە . واتە هەست کردنی مرۆڤ بە کات و شوێن و یاساکانی جم و جووڵ کردنی ، مەسەلەیەك نییە کە کوت و پڕ ساز بووبێت و ئیتر لەسەر ئەو لەنگەری هەتا هەتایی خۆی گرتبێت . بەڵکوو لە نەبووەوە دەستی پێ کردووەو لە سەرەتادا ساکارو لەسەرخۆ بووە ، تا گەیشتووتە ئەم ڕادەی خێراییە ئاڵۆزەی ئێستا هەیە .

بۆ نموونە ، با وای دابنێین کە من سەد هەزار ساڵێك لەمەوبەر لە ئەشکەوتەکەی ( هەزار مێرد ) دا ئەژیام و ئەو حەلەش هەر چیرۆکنووسێك بووم وەك ئێستا ، جا ئاخۆ لەو چیرۆکەدا کە ئەو وەختە ئەم نووسی ، چۆن لە کات و شوێن ئەگەیشتم و سنووریانم لە چیرۆکەکەمدا چۆن نەخشە ئەکێشا ؟! بێگومان کات ئەو وەختە لای من تەنها بریتی ئەبوو لە هەڵهاتنی ڕۆژ لە دەم کەلی گوێژەوە ، تا داچوونی بەو دیو شانی چەپی ڕیزە شاخی ئەشکەوتەکەی لە مەڕ

هەواڵنامەی کتێب

خۆمدا . کاتی شەویشم بریتی ئەبوو لە کەمێك لە رووناکی مانگو ئەوەکەی تری تاریکی‌یەکی سامناك . خۆ شوێنیش بریتی ئەبوو لە تەنها ئەم دیوو ئەو دیوی شاخی گڵەزەردە!. جا ئاخۆ من ئەو وەختە لە توانامدا ئەبوو ، هەست بە کاتو شوێنێکی تر بکەم ؟! ... کات وشوێنێکی لەو خێراترو بەرین‌تر ؟!.. بێگومان نەء !؟ بۆچی ؟!... چونکە ئەوسا رادەی هەست پێ‌کردنم بەو دوو یاسروشتی‌یە ، تەنها هێندە بڕی ئەکرد .

بەڵام ئێستا ، هەست‌کردنی ئادەمیزاد بە کاتو شوێن ، نەك تەنها لە تەوقو کۆتی ئەو خاویو سستی‌یە رزگاری بووەو گشت سەر رووی زەمین تەی ئەکات ، بەڵکوو پەل ئەهاوێت بۆئەو ئەستێرانەش‌کە ئەو وەختە سوژدەی پەرستنێکی ساویلکانەیان بۆ ئەبرا .

ئەمەی باسم کرد ، لای من ئەبێتە رێبازێکی کاریگەر لە کاروانی تەقەلادانداا بۆ رزگارکردنی چیرۆکمان لەو سستی‌و خاوی‌یەی و راچەناندنی بەرەو پێش‌کەوتن . چونکە من بە تاقی‌کردنەوە بوم دەرکەوت کە جۆرە کۆتو زنجیرێك ، هونەری چیرۆك‌نووسینی لە ئەدەبەکەماندا بەستۆتەوەو لە

گێژاوی دواکەوتندا گیری ئەدات . وە هەر لە ڕێگای تاقی کردنەوەی تایبەتی خۆشمەوە ، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هۆی هەرەگەورەی ئەو بارە ناهەموارەی چیرۆکمان ، لەهەڵویستی چەوت و ساویلکەی چیرۆک نووسەکانماندایە ، سەبارت بە مەسەلەی کات و شوێن . ورد کردنەوەی ئەم مەسەلەیەو تێ گەیشتنی بە باشی و پەیڕەوکردنی ئەو ڕێبازەی لێ ی دێتە بەرهەم ( بەلام شارەزایانە ) ، گەلێك بایەخدارو گەلێکیش سوود بەخشە بۆ ئەم پلەیەی ئێستای هونەری چیرۆك نووسینمان .

هیوادارم لە هەلێکی تردا ، بتوانم فراوانتر لە باسەکە بدوێم .

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

تشرینی یەکەم ۱۹۷۰

# سێ نامەی کورت

## عبد الله پەشێو

(١)

خۆشەویستم ..
نامەکانم ، بسووتێنە
ئەو هۆنراوەی ، بۆت نووسیوم
سێدارەی بۆ دامەزرێنە
دڵگیر مەبە ..
لە لای ئێمە .. نەك تۆ .. پیاویش
لە سەر ووشەیەکی باڵدار
قۆڵ بەست ئەکرێ ، ئەدرێ لە دار
دوور مەبینە ، گەر تۆی ئافرەت ،
بۆ چریکە ، هەڵبڕیت زار ،
گەرووی سەوزت ، بقڵیشێنن
چاوی گەشت ، پڕ چقڵ کەن
پرچی رەشت ، بسووتێنن

( ٢ )

خۆشەویستم

بیستم لە پیاوێکی گەڕۆک

لە لای ئەوان ، کچانی کۆك

لە باتی گوڵ ، هۆنراوە ئەدەن لە بەرۆك

گەورەکانیان ،

بۆ پەیکەری هونەرمەندێ . . دێنە سەر چۆك

خۆشەویستم

کەچی لە گشت کوردستانا

لە مەڵبەندی

( بێ کەس ) و ( حاجی ) و ( گۆران ) ا

گەر بگەڕێی ، سەر تا خواری ، وەك غەریبێ

قەت نابینی . .

پەیکەرو ناوونیشانی

هەستیارێ . . . یاخود ئەدیبێ .

( ٣ )

خۆشەویستم

خاوەن ووشە ، لەم وولاتە

هەمیشە هاتی نەهاتە ..

ئەیانەوێ ،

خاوەن ووشە ، وەك هەنگ وابێ

هەر کە بە رووی کاغەزەوە دات

بمرێ وە کات !

ئەیانەوێ

ووشەکانمان ،

کۆت و زنجیریان لە پێ بێ !

سایەی سێدارەیان جێ بێ !

ئەیانەوێ

ووشەکانمان ،

بێ دەنگ بکەون بە روودا

وەك حەزرەتی سمایل کەوت

لە ژێر رەحمەتی چەقوودا

ە ە ە

خۆشەویستم ؛

ئەیانەوێ ،

بنوین .. بخۆین .. وەکوو ئەوان

ئەیانەوێ ،

بنووسین .. بڕێسین .. وەکوو ئەوان

ئەیانەوێ ،

« ئێمە » کت و مت « ئەوان » بین

وەك مەلێکی مۆمیاکراو

بێ ئارەزوو بێ رەوان بین !

هەواڵنامەی کتێب

* * *

### چیرۆک

# ئاژاوەیەو دڵداری

**ئەحمەد شاکەلی**

دەرگاکان داخران . کەس نەهات . ئەنوستن .

ئافرەتێ باسی کاروانێکی ئەکرد بەرەو کێلگە سوتاوەکان ئەڕوات ، لە هەموو سووچێکی شارا زمانێ هەڵواسراوە . دووا ڕێبواری نیوە شەو ئەبیسێ هاوار ئەکا : تاوانبارن .

سەرەڕای ئەم سەگوەڕ ، ماندوو بووین ، چیرۆکەکانی هەموو دیمەنێکی ئەو ترسەی ئەشڵەقاند . شت ئاشکرا نەبوو . ئافرەتەکان ئەترسان . ئەیووت ! ئەم بتەم ناوێ . چاوەنواڕی کۆمەڵێ دوور بووم ، لەرزەکە منیشی ئەلستەوە جێگاکەی جێ ئەهێلاو لە شوێنی شاراوەدا بۆی مات ئەبوو ،

هەواڵنامەی کتێب

لە کاتێکا یەکیان ئەگرت . پێکەوە راوەستاوین [ ئێستاش گەشە ] . سەگە درِەکانی باوکی بەرگەی برسێتی دابە- زیوەکانی نە ئەگرت . دەستی بەرزەوە بوو ، سەرکەوتم . بەرزە دارەکە ، لە گەلْ منا ئەیکردەوە : دایکم کەلاوە- کەی چێ هێلاو ئێمەی کەوتەوە یاد . ئەو لقەم تووند گرتبوو . [ میوانەکان بە تەمابوون بگەرِێمەوە . . بە تەما بوو لێرەدا بناسرێم ] ، چاوەکانم ئەرِۆیشتن ، هەزاران لاشە پێکەوە ئەچوونە کۆشی ئاوەوە ، دەرئەچوون . تاریك داهات ، ئەبوایە هەموویان لە بارەگای گۆمەقوولا بن . بانگ ئەکران . ناوەکان ، ئێستاو رابوردووی هەموو دووای ئەو گلبوونەوەیەش دایکم هەر بە تەمایە . تۆش ئەتەوێ برِۆی ، دابەزیم : ئەزانی لە دووا نامەیدا چی درِیوە ؟

ووتویەتی [ ئاگرەکە هوموویانی بەستەوە . دایکی منالەکانی کابرای ئاسنگەر ، کێ میوانی بوو ؟. ئەوان بە ئاواتی چپەو درکاندنەوە نەبوون ، دەنگی ئەبیست . پەلاماری دەرگاکەی ئەدا ، گەرِایەوە . سفرە رِانەخەن بۆ هەتیو ، منالێ گریا ، هەراکە پەرەی سەند ، چووە

ژووری یەکەمەوە ، هاتنەوە - کێ بوو ناوەکانی ئەسووتان - تەنها شیوەکان هاتنەوە . باوشی نەمایەوە ، زوو دەرچوون شتێکی شاردەوە . گریاو هاتە دەرەوە ] .

دەروونی ئەم ئافرەتەش . شەپۆلەکانی . ئێستە منم ، نازانم تۆ لە کوێ بویت . خۆری کۆش گەرمی سەر بەمۆ . تاوەکوو ئەو باسە هەبوو . سەما . زستان . هیچی تۆ نەبوویت . لە شەوێکی پارا دایکت خۆی شاردەوەو دەنگی هاتە سەر دارەکە : بڕیار درابوو کەس شەنی نەکا ئەمەش لەم بەفرەدا هاتووە ! ئەزانی دوێنێ شەو لە کوێ بووم ؟

شتەکانم کۆکردەوەو خۆم کردە بەر !...

دەرگاکان داخرابوون . کۆمەڵێ هاتن . تێپەڕین . ئەم خۆی شاردەوە ، تەنها من بووم ، هەفتەیەك .. چەند رۆژێ ... هاتە دەرەوە ، جارێکی کە ئامادەم . فڕۆکەوانەکە خۆی تاقی کردەوە ، چاڵاوەکە چۆڵ بوو ، بیستمان ئیتر نایەتەوە ، دروشمەکانم سووتێنرا بوون ، پەنجەکانم چوونو گەڕانەوە ، بەرمیلێکم داکوتاو سەرکەوتم ، ئازا . وورپا . خەڵکی دایان بە دەستەوە . هەموویم داگیر کرد ،

شتێ روویدا . گیر هاتین . له گەڵمایە . پاڵی داوە بە بەردێکەوە ، یارەکەی سمکۆ . هەستا !

- کەس گوێی شل کرد ؟

! له کوێ بووی تۆ ؟

دەسیم گرت . وەرە ئەمانە هەموویان هاتوون بۆ بیستنی . درۆیان داخ کردبوو .

! ئەی ناسن ؟

! ... ...

ئەوەیان ئەچێتە سەر شاخەکە [ دەستی دەرکردو بەرەو دارەکە ووتی ! باوکی منە ! چۆن منت تووش کرد ] ئێستاش هەر ئەمبیسی : رێگاکانی بەرەو خوار . رێگاکانی بەرەو ژوور ، هەرچی بدرکێنی . کاری ئەم لیستەوەیە ، دووا هەواڵی ! رۆژی حەوتەم هـەوری نەبوو . رۆژی سێهەم زۆریان دزی ( رۆژ گیرابوو ) هەتیو زورەبێ ئەمساڵ ئاگاتان لە پیاوەکان بێ .

له سێبەری زنجەکەوە فریشتەیەك : ئێمە ئەڕۆین . دەنگ ئەهات . له جادە لایان دا . بەستیانەوە ( باوکی ) ، سەدوو بیست جگەرەیان سووتان . زنجیرەکان کەوتنە

خوارەوە . کاتێ خۆی تەکان کەس نەی ووت ! نۆشت بێ .

ئەیزانی دەروونی من زۆری شاردۆتەوە ، ئەو بوو چارێکی کەش ! ئەمشەو لە کوێ بووم .

تووڕە نەبوو ، خۆم رووتەوەکرد ووتم :

ـ لە کوێ ؟

: گوێ شلکە هەرایە .

هاتن . لە چەمەکەش پەڕینەوە . دەرپێیەك هەڵکرا . زەردو سوور لیرە ناکرێتە ئالا . ئیتر قسەیان نەکرد . ئاژاڵ دایە شاخ . هەندێ شت ئارامی گرت . شمشاڵێ هاتە هۆرە .

دیمەنێك ( ئافرەتەکە رۆیشت . ئەکشا لەسەرخۆ ، چاوەکانی .. مەمکەکانی ، ئەسووتان ) .

ووتیان : تەواو بوو . داهاتووە . دینارو هـەزار . سمکۆش وون بوو .

دیمەنی دووەم زوو داگیری کرد ( کاروانەکە چەند دووکەڵێکی دامەزراند . . گەڕایەوە ) .

سەرم بەرزەوە کرد ، هەر ئەوە نەبوو من ئەمدرکاند .

هەواڵنامەی کتێب

دایکی ویستبووی گڕی زەمانەکان ئەهوەن کاتەوە ، ئەڵێن : سمکۆی دۆزیوەتەوە . چەند گەڕە کێکی هەراسان کرد بوو .. ( کەس فای ناسێ ) ( شێتە ) ، رووبارە گەورە-کان لارەوە بوونو سێبەرە تەزیوەکانی دوێنییان لستەوە ، بێ یەکو چۆن .. یەکێ هاتە دەرەوە پێت جووتکە . هاوڕێکانت زوو تێپەڕین .

( پرسەیان راخست )

لە ئاسمانەوە ، ئەستێرە دابەزی . وەرزێرەکان ڕایان ئەکرد . یارەکەی سمکۆ : ئەزانی ...

ئەیان ووت ! بوچی ؟

تۆش ئەمەت لە یاد نەمابوو . دیمەنێك لە سەر دیوارەکە بوو ( تاریك . دارگەزی : چاڵی قووڵ . یەکێ هات . چاوی کردەوە : تائێرە هاتم . ئەمویست بیدۆزمەوە هەمووومان بیناسین . من نەمویست . زمانم خوی ڕێك ئەخست . من نەبووم ) لە سەر دمم کەوت .

١ : لە هەوار جێماوە .

٣ : لەوەی نە ئەکرد دابێنی بە دەستەوە .

١ : ماویەتی ، تا ئەگەڕێتەوە ، ناشتنی ئەبێتە کاری

ئێمە .

٢ : هەر ئەم ڕێگایە هەیە ؟

٣ : هەتا تاریك بێت ئێرە بەرەڵایە . ئەم شێوە هەمووی .

٢ : پێویست ناکا .

یارەکەی سمکو ئەیووت . کاتێ شاخەکەمان بڕی

ووتی :

ـ باوکم بوو .

: باوکت ؟

هەرا هەمووی شاردەوە . بێ لێدان دەرگا کرایەوە .

یەکێ چووە سەر دیواری باخچەکە . هەموویان هەستان .

ئەوان هاتوون و ئەگەڕێنەوە . سەرکەوتم ، جگەرە ئەسووتا

لە ژێر پاسارێکا ، سبەینێ دێتە پێشەوە .

: میوانەکان کێ بوون ؟

: منیش نووستبووم .

: دارکان دابەزین و توش نووستبووی .

یەکێ لە دەوارەکەوە هاواری کرد ! تووش ئەبی .

ئەوی پاسارەکە بێ زاینین من : با تووش بێ .

چاوەکانم دابەزین ، دەورەی دارەکەیان

دابوو : ئەو ئاگرانە چیە ؟

تو بووی : ئەی چی بکەم .

من ووتبووم : بو کوێ ئەڕۆی .

هاورێ کەشم دوورەوە کەوت : دێمە لات .

پەنجەم داناو پسوڵەکەی داگیرکرد ، ئەوەش خەوە دزراوەکان . شەوە شاراوەکان . . ئەسووتێنی ، ئەشترسم . ئەڕۆم . بو هەر گەرەکێ بترسی و دەرگاش دانەخا ، یەکێ دایە سەرما : لە خوتەوە مەدووە . کاتێ هاتن ، سەر دانەوێنە . بلێ ببورن نەمزانی ئێوەن هەموو رۆژێ ئەم بەخشن چاومان یەکی گرت . توش ئەڕۆیشتی .

هەواڵنامەی کتێب

# هەڵبەست

## خۆریکی یاخی بوو ..

## صلاح الدین احمد شوان

من و مانگ و ئەستێرەکان ،
کەوتووینە دووای ..
ئەو ئاسویەی خوری خنکان
ئەو ئاسویەی چڵک لە سەرشان
ڕاومان ئەنێ و ،
ڕاوی ئەنێین ..
ئەو ئاسویەی لەوساوە هەم
هەر وەهایە ،
هەنگاوێک بەملاوە نایە .
ئەی ئاسوی خوڵە مێشینی
سەرگلێنەی چاوی پڕ غەم !
ئەو خورە ژێردەسەش بخۆ ،
وەکوو ئەڵقە دەوری لەشم دەو بمخە ناو



هەوالنامەی کتێب

بۆ هەر کوێ چووم

تاکوو بۆنسۆ ...

لە بەفری چلەی زستانا .

بتوێتەوە

با نەمێنێ لە بەینی مانو نەمانا

من ئاگری گڕو کڵپەدارم ئەوێ

خوری شێتوهارم ئەوێ

سا وەکوو کۆت لە ملما بە

تا ژەنگ ئەگریتو ئەرزێی

ئەوسا پڕ بە پێی ڕائەکەم

بۆ ئەو شوێنەی خوم ئەمەوێ .

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ٥٣ لسنة ١٩٧١

هەوالنامەی کتێب

مطبعة النعمان ـ النجف الاشرف تلفون ٢٠٩٧

## ئەم ( روانگە ) یە چۆن دەرچوو ؟! .

١ ـ بە یارمەتی دانی ( ٣٥ ) ئەدیب و ئەدەب دۆست لە چاپ دراوە .

٢ ـ ئەوەی لە لایەن ئەو برا دلسۆزانەوە درا ، ( ٥٥ ) دینار بوو .

٣ ـ چاپکردنی ، سەرجەم ( ٧٠ ) دیناری تێ چوو .

٤ ـ واتە ئێستا ( ١٥ ) دیناری لە سەر قەرزارین .

هەواڵنامەی کتێب

نرخی ـ ١٥٠ ـ فلسە

چاپخانەی ( النعمان ) لە نەجەف